# هەڵۆ

پاییزی سارد و  سڕ و  بێ بە زەیی

زە ردی کرد دار و دەوەن دەشت و زەوی

ئە وگەڵایەی کە سەمای مەرگ و نەمانی لە بەرە

سەد پەیامی بۆ کەسی زانا لە سەرە

تاوی رە نگ زە رد و کەسیرەی سەرما

خۆی دە زانێ کە تەمەن زۆری نەما

رۆژی کورت و ڕە نگی زە رد و مەرگە میوانی ئەمن

تۆ خوا چارەم چییە ؟ تۆ بڵێی بمرم ئەمن؟

ئەو هەڵۆی بە رزە فڕی دەشت و چیا

تێ گەیی تاوی تەمەن تینی نەما

تاکوو بیری لە ڕابردووی درێژی کردەوە

مە رگ ومردن باوەشی سارد وسڕی بوکردەوە

کۆچی دوایی هاتە سە ر ڕیم وابە گرژی وتوڕەیی

تو بلێی بەردا بەرۆکم وا بە هێدی شێنەیی

ترسی مردن بە رلە مردن بوو بە میوانی هەڵو

خۆی پیشاندا سامی مردن پۆل بە پۆل و کۆ بە کۆ

کاتی کۆچ و شەوە زەنگ و ڕێگە دوور و نا دیار

ترس وپیری پێم دەڵێن ئیتر نەما شادی و بەهار

من نەم دیوە و کەس نای بینێ جارێکیتر ژین بێتەوە

بۆ لە شی ساردو سڕی ناو گۆری کەس تین بێتەوە

هە ڵفڕی بە دڵی شکاو و باڵی بێ هێز و شەکەت

تابە جێ بێڵێ هە مووترسی نەمان، خۆف و خەفەت

پێش ئەوەی بڕۆم بگەم بە ماڵ و خێڵی خۆم

خاوەنی دارو و دەوەن هەم دەشت و چۆم

من هەڵۆی ئاسمانی شین دەشت وچیا ودار و دەوەن

شڵەژاندم پەلە وەر، گەر بە تاک یا بە رەوەن

بوومە میوانی قەلی ماڵ بۆگەنی مندار خۆر

تا بکا ئەو تەمەنم وەک تەمەنی چەن ساڵ زۆر

من پەرێشان و پەشۆکاوی نەمان ونادیاریی مردنم

پێم بڵێ ڕازی تەمەن کورتی و بە زوویی مردنم
تۆ کە پسپۆری درێژیی تەمەنی
چارەکە و پێم مە ڵێ بۆچی ڕەبەنی

قە ل کوتی خواردنی من گۆشتی کەری تۆپیوە
خواردنی ئاوابە تام، تۆ بە خە ویش نەت دیوە

عومری درێژ گەر دەتەوی مامە هەڵۆ
فەرموو میوانی منی هەر ئەم ڕۆ
گورگە تۆپیوی گەڕی پشت کێوان
زۆر دەکا عومری درێژ بۆ میوان

داڵ کە زانی تەمەنی دوور و درێژ ئاوایە
کوتی سە د خۆزگە بە مردن ئە گەر ژینی درێژ ئاوایە
ڕۆژی روون وەک قەلی ڕوو ڕەش رەشبوو
هە ڵفڕی بۆ سە روو هە ر بۆ سە ر چوو

پیرە هەڵۆی بە رزە فڕی چۆڵ و چیا
بوو بە خاڵ، ون بوو لە گە ڵ هە ور هە ڵا
ئە و هەڵۆی گۆڕی لە سە ر هە ورانە
پەندە بۆ ئە و کەسە نازانێ، ورە ،چەن جوانە

عوسمان ئیلخانی زادە
ئاوریلی 2012 سۆئێد